هەرێمی کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

کارگێری

أقليم كردستان - العراق

مجلس محافظة السليمانية

الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

No: 
Date: 

ژمارە: ٥
ڕۆژ: ١٢ / ٢ /٢٠١٩

ڕۆیشتوو
ژمارە:
ڕۆژ: / /

# بـــڕیاری ژمارە ( ٥ ) ی ساڵی ٢٠١٩

ئەنجومـــــەنی پارێزگـــــای ســــــلێمانی لـــــــە هــــــــۆڵی کۆبوونــــــــەوەکانی ئەنجومـــــــــەن لەبـــــــەرواری (١٢ / ٢ /٢٠١٩) لەکۆبوونـــــــەوەی ئاســـــــایی ( ٥٢ ) پـــــەنجا و دوهـــــەمینی خۆیـــــدا بەسەرپەرشـــــتی بــــــەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجومـــــەن و ئامـــــادەبوونی دەســـــتەی ســـــەرۆکایەتی و ئامادەبوونی ( ٢٧ ) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام

بڕیارماندا بە:

ئاراستەکردنی ئەم پێشنیازانە بۆ بەڕێزان ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان بە مەبەستی چارەسەری کێشەی کەڵەکەبووی قەرزی سندوقی نیشتەجێ کردن.

١. ڕاگرتنی مامەڵەی یاسایی بەرامبەر هاوڵاتیانی بەشداربوی پرۆژەکان.

٢. هیچ غەرامەیەک نەخرێتە سەر ئەو برە کەڵەکەبووەی کە هۆکارەکەی قەیرانی دارایی بووە.

٣. ئەو برە قەرزەی کەڵەکەبووە لەسەر بەشداربووان دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو ساڵانەی لەسەریان ماوە بۆ گەڕانەوەی قیستەکان.

٤. گۆڕانکاری لە ناوی کەفیلەکان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ڕێگە پێدراو بێت.

٥. درێژکردنەوەی ماوەی گەڕانەوەی قەرزی نیشتەجێ کردن بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی ناوچەکان لەبەر ئەوەی قەرزی وەرگیراو برەکەی جیاوازە لە هەندێک لە ناوچەکان.

* ئەم بڕیارە لە سلێمانی نوسرا لە ٢٠١٩/٢/١٢ .
* لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت.
* بە دەنگی (٢٧) ئەندام پەسەندکرا.

ئازاد محمد أمین
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی

KANY

www.slemanipc.org
email:aparezgas@yahoo.com
Tel : 0533181083
P.O : 27 Bord :0176

ناونیشان: سلێمانی - ڕێگای سەرەکیی سلێمانی - تاسڵوجە / نزیك پردی قلیاسان